# ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی عیراق و چاوەڕوانییەکانی جەماوەر

هەژێن
٢٠٠٥/٠٨/١٠

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم، کە من پسپۆڕی بواری یاساناسی نیم، بەڵکو وەک هەر کەسێکی ئاسایی، کە بڕیارە یاسا ژیان و کاروباری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک بنەمایەک ڕێکبخات و پاریزەری ماف و ئازادییە گشتییەکانی بێت، ئەوا لێرەوە بەو رادەیەی کە لەمەڕ ژیان و ئازادییە کەسییەکانی خۆمەوە هوشیارم هەبێ، هەوڵدەدەم کە یاسا بناسم و هەڵیسەنگێنم، چونکە مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، هەر ئازادیخوازێکە پێ لەسەر ئازادییە کەسی و ویستە مرۆییە هاوبەشەکانی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵدا داگرێ و ڕوانگەی خۆی لەسەر هەر ڕەشنووس و فۆرمۆڵبەندییەکی یاسایی، کە بڕیارە داهاتوو و پەیوەندییەکانی لە چوارچێوەیەکدا ڕێکبخات، دەربڕێ!

بەپێی ئەو بڕیارەی کە حکومەتی کاتی عیراق، بۆ ڕاپرسی خەڵک لەمەڕ ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی عیراق واتە ١٥ی ئۆگوستی ٢٠٠٥ دیاریکردووە*، دەبێت لە پازدە ڕۆژی داهاتوودا، جەماوەر بچنەپای دەنگدان یا ڕەتکردنەوەی ڕەشنووسێک، کە هێشتاکە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لێی ئاگادار نین، لەمبارەیەوە هیچیان نەبیستووە، بوار نەدراوە شارەزایانی بواری یاسایی، ناوەندەکانی ماف و نەیارانی سیاسی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە دیباتەی ئازاد و کراوەدا قسەوباسی تێروتەسەل لەسەر ئەم ڕەشنووسە بکەن.

عیراقێک کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، دڕندانەترین سیستەمی دیکتاتۆری بەخۆوە بینیوە، عیراقێک کە مەیدانی شەڕێکی سێ دەهەیی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هێزە سەرکوتگەرەکانی هارترین ڕژێمی شۆڤێنستی ناوچەکە بووە، عیراقێک کە دەرگیری دوو شەڕی داگیرکارانەی عیراق بۆ سەر ئێران و کوێت بووە، عیراقێک کە دوو هێرشی زلهێزەکانی کراوەتە سەر و بووەتە مەیدانی تیرۆرێکی جیهانی و لەسایەی لەشکری ئەمریکی و بریتانیدا ئەم ڕەشنووسەی دادەڕێژرێ، ئایا بواری ئەوەی تێدا هەیە، کە جەماوەر بە هوشیاری پێویست و بەوپەڕی ئازادییە بڕیار بدەن؟

لەوەتەی ڕژێمی بۆرژوازی بەعس دەسەلاتی قۆرخکردووە، ئاراستەی خەباتی جەماوەر چ لە ئاستی سەرتاسەری و گشتیدا، چ لە ئاستی هەرێمیدا، دژ بە سیستەمێک بووە، کە یاسا بنەڕەتییەکەی هیچ بوارێکی بۆ ژیانی مرۆیی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵک نەهێشتۆتەوە. جەماوەر دژی سیستەمەکە بووە، بە یاسا و بە سەراپای کارکردی حکومەتی بەعسییەکان، نەک تەنیا دژ بە کەسایەتی دیکتاتۆر یا پارتی بەعسی شۆڤێنیست، کە لەسەر سێکوچکەی مەزهەبی سوننە، ناسیونالیزمی عەرەب، دیکتاتۆری بێپەردە خۆی ڕاگرتبوو! بەڵکو ئەوە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بوون، کە بەلابردنی خودی سەدام و دانانی چەندین سەدامێکی تر، بەلابردنی دەسەلاتی تاکپارتی و دانانی دەسەلاتی خێڵەکی و مەزهەبی لەجێی، دەیانەویست خۆڵ بکەنە چاوی جەماوەری بەگیان هاتووی عیراق! ئەمە لە ڕەشنووسی تازەدا، کە لەسایەی لوولەی چەکی سەربازانی ئامریکای دیموکراتبەخش و ڕزگارکەردا، بە ئاشکرا بەدی دەکرێت و نەک ئاڵوگۆڕ لە باری یاسای عیراقدا ڕووی نەداوە، بەڵکو لە جاران کۆنەپەرستر و نارۆشنتر لەمەڕ مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە، کۆمارێکی ئیسلامیتر رادەگەیێنێت! ئەگەر سەرنجی گشت یاسا بنەڕەتییەکانی عیراق ( ١٩٢٥، چاککراوی٢٩/٠٧/ ١٩٢٥، ١٩٤٣، ١٩٥٨، ١٩٦٣، ١٩٦٤، ١٩٦٨، ١٩٧٠، دەستوری کاتی ٢٠٠٤ و ڕەشنووسەکەی ٢٠٠٥)* بدەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموویان بەوەی ئەورۆکەشەوە، بەرهەمی ویست و بڕیاردانی جەماوەر نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کودەتا سەربازییە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتەن، کە ڕووخانی دەسەلاتی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانیشەوە، دەچێتە خانەی هەوڵەکانی پێشوو. لە هیچ یەک لەم یاسا بنەڕەتییانەدا، ئازادییە گشتییەکان و مافی مرۆڤ ڕەچاو

نەکراون و نەتەوە و کەمایەتییەکان کراونەتە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و ئایینەکانیتر کراونەتە خراونەتە ژێر چەپۆکی ئایینی ئیسلام وەک ئایینی فەرمی دەوڵەت و مافی ژنان و منالان لە سایەی فەرمی بوونی شەریعەتی خێڵەکیانەی ئیسلامدا، بە فەرامۆشی سپێردراون.

باپێکەوە هەندێک لە بەندە گرنگەکانی ئەم یاسا کۆنەپەرستە خێڵەکیانەی عیراق لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا، وەک دیاری ئالاهەلگاران و سەرلەشکرانی نەزمی نوێی جیهانی بەسەر بکەینەوە:

یاسای بنەڕەتی بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێدەکات. ئەم دەستەواژەیە، پێش هەموو شت چەککردنی جەماوەرە لە هەر تواناییەک و هەر بڕیاردانێک و مافی ئالوگۆر لەو یاسا خێڵەکیانەدا، لە سەروی ویستی جەماوەرەوە دادەنێت و دەیکاتە ئەرکی خوداوەند و نوێنەرەکانی لەسەر زەوی. لە زۆربەی ولاتانی جیهان، کە بە خەبات و تێکۆشانی چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەلگە، یاسایەکی بنەڕەتی دونیایی، کە بەپێی ویست و توانای دانیشتوانەکەیان، بەسەر نوێنەرانی خوداوەند – چینی سەروەر-دا سەپێنراوە، بەم دەستەواژە دەست پێدەکات (بەناوی گەلەوە). واتە ئەم یاسا بنەڕەتییە دەربڕی ویست و توانای گەلە و گەل توانای گۆڕین و ریفۆرمکردنی هەیە، بەلام کاتێک ئەم دەستەواژە ئاوەژوو دەکرێتەوە و فۆرمۆلەی بەندەکان وەک فەرمانی خواوەندی دەخرێنەڕوو، ئیتر هیچ بوارێک بۆ ڕەتکردنەوە و قسەلیوەکردن نامێنێت، هەر بۆیەشە تاوەکو ئەورۆ ٢٠٠٥/٨/١ هیچ دیباتە و لێدوان و سیمینار و مێزگردێک لەو بارەوە نە کەنالەکانی راگەیاندن و نە لە ئاستی جەماوەریدا لە هۆل و یانە و بنکەکاندا بەرێنەخراوە، چونکە لە ڕوانگەی خێڵەکیانی ئایینی ئیسلامەوە، جەماوەر بێجگە لە سەرلەقاندن و ملکەچی چیتری بەرناکەوێ و سیناریۆی ڕاپرسی کتوپڕی – ئەگەر ئەنجام بدرێ- ئەوا تەنیا بۆ خۆلکردنەچاوی ڕای گشتی جیهانی و نارازییانێکە، کە دژ بە داگیرکردنی عیراق لە زیاتر لە ١٢٠ پایتەخت و شاری گەورەی دونیادا ملیۆنان مرۆڤی ویژدان زیندوو و ئازادیخواز رژانە سەرشەقامەکان!

لەگشتی سەرنجراکێشتر ئەوەیە، کە ئەم ڕەشنووسە تەنیا بە زمانی عەرەبی هەیە و دانیشتوانی ناعەرەبزمان دەرەتانی ئاگاداربوون و تێگەیشتنیان لەم دێوجامەیەی عیراقی ئازاد نییە!

نحن ممثلي شعب العراق بارادة الله ورغبة الشعب الحرة نعلن أننا وضعنا الدستور لتحقيق الأهداف الآتية :
*إقامة العدل على أسس راسخة لضمان حق كل انسان ومواطن دون رهبة أو تحيّز طبقاً لمبدأ سيادة القانون.
*ضمان الحريات الأساسية، وضمان التمتع بها فعلاً في ظل دولة المؤسسات والشرعية.

لێرەدا کە ئامانجی ئەم دەستەیە لە دانانی ئەم ڕەشنووسە، کە خۆیان باس لە ڕەشنووسبوونی ناکەن، دەردەکەوێ، (بارادة الله ورغبة الشعب) کاتێک کە ویستی خوا پالنەری هەستان بەمکارە بێت، ئیتر ئارەزووی گەل لە گالتەجاری بەولاوەتر نییە و لە فەرمانەکانی خوداوەندا ویستی خوا لەسەروی ئارەزووی گەلەوەیە و هەر بەم پێیەش ئەم لێژنەیە مافی ئەوە بەخۆی دەدات، کە بنەماکانی دەوڵەتێکی ئیسلامی و داڕێژانی یاسایەک لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامیدا داڕێژێت. ئایا گەل ئازادە وەک لەم دەستەواژەیەی سەرەوەدا هاتووە؛ (رغبة الشعب الحرة) کامە گەلی ئازاد، گەلێک کە ژیان و داهات و داهاتووی لەژێر چەکمەی هێزی داگیرکەردا ڕۆژانە دەپلیشێتەوە، گەلێک کە لە گالتەجارییەکیدا پێش دەرچوونی ئەنجامەکانی هەلبژاردن کورسییەکانی دەسەلاتکردن بەسەریدا، بەسەر چەند ئاخوند و سەرۆکخێل و پارتێکی بەکرێگیراوی هێزە بیانییەکاندا دابەشکرابێت! کامە گەلی ئازاد، ئایا ئەو سەرۆکخێلە عەرەب سوننییەی کە بەبێ هیچ دەنگدان و هەلبژاردنێک کراونەتە نوێنەری ناوچە عەرەب سوننییە نشینەکان؟

پاشان دەڵێین " إقامة العدل على أسس راسخة لضمان حق كل انسان ومواطن دون رهبة أو تحيّز طبقاً لمبدأ سيادة القانون * ضمان الحريات الأساسية، وضمان التمتع بها فعلاً في ظل دولة المؤسسات والشرعية *" دەکرێت بپرسین کامە بنەمای جێکەوتە و کامە سەرەتای سەروەری یاسایی؟ هەروەها دەکرێت ئەمەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، لە سایەی کامە دەوڵەت و کامە دامەزراوەی ڕەوا؟

لەپەرەگرافی دواتردا دەڵێ "ضمان توزيع السلطات بين مؤسسات الحكم التشريعية والتنفيذية والقضائية على أساس الاستقلال الوظيفي لهذه السلطات، وبما يحقق التعاون الايجابي فيما بينها والرقابة المتبادلة ومنع طغيان سلطة على سلطة * أو ظهور نظام استبدادي.
تأكيد سيادة الشعب التي تقوم على أساس أنه مصدر السلطات في الدولة ومصدر شرعيتها، ولا يجوز لفرد أو لجماعة ادعاء * تمثيل الشعب تحت أي مسمى"

(ولا يجوز لفرد أو لجماعة ادعاء * تمثيل الشعب تحت أي مسمى ) ئەم خاڵە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە، کە هەر ئێشتاکە کۆمەڵێک ڕیش سپی و سەرۆکخێڵی عەرەبی سوننەیان خزاندۆتە ناو لیژنەکەی یاسا دارێژان، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی بەشداربووان شارەزایی یاساییا ن نییە و تەنانەت هەندێکیان توانای خوێندنەوەی تابلۆکانی هاتوچۆ و دەقێکی یاساییان نییە و لەولاشەوە ڕێگە نەدراوە یاسا ناسانی سەربەخۆ و نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان بەشداری بکەن! دەکرێ بپرسین کێ ئێوەی ڕاسپارد تاوەکو شەریعەتی ١٤٠٠ ساڵ لەوەوبەر لە سەدەی بیستویەکدا، بکەن بە دەستوری ژیانی دانیشتوانی عیراق و کوردستان؟ ئایا ئەمە بانێک و دوو هەوا نییە؟ مەبەست کێیە کە ڕێگەی پێنادرێ پاگەندەی نوێنەرایەتی جەماوەر بکات، ئەوانەی کە هێزە داگیرکەرەکان بەسەر عیراقدا سەپاندوونی یا نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەری و بزووتنەوە جەماوەرییەکان، کە هەر کات ئەگەری سەرهەڵدانیان لەبەرامبەر سەرکوت و نادادپەروەری و مشەخۆری عالی جەنابانی ئێستادا هەیە؟!

پاش هەندێک ڕازانەوە، جارێکیتر (بسم الله الرحمن الرحيم) کە ڕاگەیاندنە سەربازییەکانی سەردەمی شەڕی عیراق- ئێرانم وەبیر دێنێتەوە، کە ڕژێمی پێشوو، بەناوی خوا و بە وتەکانی نێو قورئان ڕەوایەتی بەدەسەڵاتی دەدا. ئایا ئەمە ئەزموون وەرگرتن نییە لە وانە بەجێماوەکانی دەسەڵاتی پێشوو؟

الباب الأول
المبادئ الأساسية

المادة الأولى :الجمهورية العراقية( الاسلامية الاتحادية) دولة مستقلة ذات سيادة، نظام الحكم فيها جمهوري ديمقراطي اتحادي (فيدرالي).

وەک دەزانین دیموکراتی، ئەوەی کە خەڵک خوازیارییەتی دەوڵەت یا دەستە یا سیستەمیک نییە، بەڵکو خەڵک لەمسەر تا ئەوسەری دونیا تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازی بۆ ئەم واژەیە هەیە و تەنیا لەبری ئازادی بەکاری دەبەن و ئەمەش بۆ هەژموونی ڕاگەیاندنی ماسمیدیا لەسەر خەڵک دەگەڕێتەوە. ئەوەی کە سەروەران لە دیموکراسی مەبەستیانە لە باشترین باردا، کە وایدەگەیێنن؛ واتە فەرمانڕەوایی گەل و سیستەمێکی کراوە. جارێ واز لەوە دێنین، کە جەماوەر چی دەوێت و هەر بەپێوانەی ئەو دیموکراسییەتەی کە سەروەران بەتەمان وەک دێوجامە ئێمەی پێ فریو بدەن، بەڵێن و نیازەکانیان دەپێوین: جارێ پێش هەمووشت، بڕینی شوناسنامەی ئیسلامی بەسەر عیراقدا، مانای ڕەتکردنەوەی دیموکراسییە تەنانەت هەرە گەندەڵترین مۆدێلیشی کە لە تورکیادا

هەیە! هەروەها ئەمە گەرانەوەیە نەک واوەتر چوون لە سیستەمەکەی بەعس و مافی ئایینەکانیتر پێشێلدەکات و شوناسنامەی عیراقی بوونیان لێدەستێنێتەوە و هەروەها راگەیاندنێکی خشکەیی کۆماری ئیسلامی دەستە برای کۆماری ئیسلامی ئێرانە. دەکرێ بپرسین بەکامە پیوەر عیراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەبوونی هێزەکانی داگیرکەر، بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکان و سامانە نیشتمانییەکانی، لەلایەن کۆمپانیا جیهانخۆرەکانەوە؟

بەرای من دەبوو ئەم بەندەی یەکەم، بەمجۆرە بوایە: کۆماری عیراقی (فیدراڵی دیموکراتی) دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، سیستەمی فەرمانرەوایی تێیدا کۆماری فیدراڵی دیموکراتییە!
لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا عیراق سەربەخۆ و خاوەنی سەروەرییە؟ ئەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەوێ چی دەکەن، ئەی بۆچ ناوەندێکی فەرمانرەوایی ناتوانێت، بەبێ رەزامەندی ئەمریکا بریار بدات، بۆچ بێ رەزامەندی ئەمریکا هیچ دەوڵەوتێکیتر ناتوانێت لە چیکردنەوەی عیراقی وێرانەدا بەشدار بێت و تەنیا بە رەزامەندی ئەمریکا و ئەو دەتوانێت چیکردنەوەی ئەم وڵاتە بە قۆنترات بدات؟

المادة الثانية :الاسلام دين الدولة الرسمي، وهو المصدر الأساسي للتشريع، ولا يجوز سنّ قانون يتعارض مع ثوابته وأحكامه (ثوابته المجمع عليها ) ويصون هذا الدستور الهوية الاسلامية لغالبية الشعب العراقي (بأكثريته الشيعية وسنته) ويحترم جميع حقوق الديانات الأخرى.

لە بەندی یەکەمدا هاتووە، کە عیراق وڵاتێکی دیموکراسییە و لە بەندی دووەمیشدا هاتووە، کە ئایینی سەرەکی دەوڵەت ئیسلامە! ئەمە چەندی بەچەند، کامە دیموکراسییە، بەبێ توانج، ئەمەش لەسەر کێش و سەرەوای سۆشیالیزمەکەی بەعسە، کە دەیووت: سۆشیالیزمی ئێمە، لە واقیعی نەتەوەیی و لە ئایینی نەتەوەییمانەوە سەرچاوە دەگرێت و سۆشیالیزمی عەرەبە! ئایا دەکرێ بپرسین کە ئەم دیموکراسییە لە کوێ و لە کەیەوە لەدایک بووە؟ ئێمە دەتوانین ئەوەی بەناوی دیموکراسییەوە هەیە، بیخەینەسەر، بەلام کەوڵیکەین نا، چونکە بروا ناکەم دانیشتوانی عیراق تا ئەو رادەیەش ناهوشیار بێت! هەروەها ئەگەر دیموکراسی بە مانای سەربەستی و مافی سەرەتایی و شێوازی بەرێوەبەری دونیایی بێت، ئەوا نەک لەگەڵ هیچ ئایینێکدا نایێتەوە، بەڵکو ١٨٠ پلە بەرامبەری دەوەستێ. هەروا لە هەر وڵاتێکدا کە جەماوەر مافی ئازادانەی دەنگدان و بیروڕادەربرین و رێکخراوبوون و ....تد هەبێ، ئەوا بێگومان هیچ ئایینێک ئایینی سەرەکی نییە و ئایین بەرادەیەک لە دەوڵەت جیایە و ئاییندار یا بێ ئایینی، پرسی کەسی تاکەکانە و دەوڵەت خۆی تێهەڵناقورتێنێ و هەرواش ئایین خۆی بەسەر تاکەکاندا ناسەپێنێ و هەڵگرانی ئایینەکانیترو بێئایینەکان، ناچار بە هەڵگرتنی شوناسی هیچ ئایینێک نابن!

کاتێک کە ئایین سەرچاوەی سەرەکی دارێژان و کاروباری دەوڵەت بێت، ئیتر قسەکردن لە ئازادی و مافی مرۆڤ لە پاگەندی پوچ و بێمانا بەولاوەتر نییە و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی گشت ئایینەکاندا سەرەرای هەر ریفۆرمێکیش کە تێدا کرابێت، بوار بۆ پرسیار و بۆچوونی جیاواز و بیروباوەری نەیار نییە!

سەرکوت لەمە بێپەردەتر نابێت، کە لەم رستانەدا فۆرمۆڵەکارانی بانگی دەدەن، ولا يجوز سنّ قانون يتعارض مع ثوابته وأحكامه(ثوابته المجمع عليه)! کاتێک کە ئایینی ئیسلام ئایینی سەرەکی بێت، ئیتر چۆن مافی ئایینەکانی تر دەپارێزریت؟ هەروەها لێرەدا هیچ قسەیەک لەوانە نەکراوە کە هیچ ئایینێکیان نییە، کەواتە ماف هەر بۆ ئەوانەیە کە ئایینیان هەیەو بەس، ئەویش بەمەرجی ملکەجی بۆ ئایینی سەرەکی لەلایەن ئاییندارانیترەوە؛ بۆنمونە کریست و یەزیدی و کاکەیی!

المادة الثالثة :يتكون الشعب العراقي من قوميتين رئيستين هما العربية والكردية ومن قوميات أساسية (قومية أساسية) هي التركمانية والكلدانية والآشورية والسريانية والأرمنية والشبك و(الفرس) ومن ايزيدية وصابئة مندائيين، يتساوون كلهم في حقوق وواجبات المواطنة

ئەوەی دانیشتووی عیراق بێت و چەپ و راستی خۆی لیکجیابکاتەوە، بەخوێندنەوەی ئەم برگە، ئامانجی سیاسی و شۆڤێنیستی شاراوەی پشت ئەم فۆرمۆڵبەندییەی بۆ دەردەکەوێت. ئەوەی لەو چوارچێوە فرەتر سیاسی لە جۆگرافییەی عیراقدا دوو نەتەوەی عەرەب و کورد دەژین، وایە، بەلاّم ئەوەی کە بەنێوی کەمە نەتەوایەتی لیردەدا ناسێنراون، فرەیان کەمایەتی ئایینن تاوەکو نەتەوەیی لەوانە؛ فێلییەکان، کە بە فارس نیویان هاتووە، یەزیدییەکان، شەبەکەکان. تا ئەوەندەی من یاگادار بم، نزیکایەتی زمانەوانی لەنێوان شەبەک و هەورامیدا هەیە و یەزیدییەکانیش زۆربەیان خۆیان بەکورد دەزانن و کوردیشن. بەلاّم ئەوەی کە دەیەوێت فەیلی بکات بە فارس و یەزیدی و شەبەکیش بە کەمەنەتوایەتیتر، هەر ئەو ئامانجە شۆڤێنیستییەیە، کە بە درێژایی سەدەی ڕابوردوو شۆڤێنیستە بەعسی و نابەعسییەکان کاریان بۆکردووە و ئەورۆکە بەدێویکیتردا و لەژێر نیوی پاراستنی مافی کەمە نەتەوایەتیدا، دەیانەوێت، خۆیان لە چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی لە کورد بدزنەوە. تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی سەرانی بۆرژوازی کورد، نەک پشتکردنە فەیلی و یەزیدی و شەبەکەکان، کە ڕۆژانێکی درێژی بەرهەڵستکاری چەکداری شانبەسانی بەشەکانیتری کوردستان قوربانیان داوە، کارایکی ئاساییە، بەلکو پشتکردنە پرسی ئەنفالکردن و بیسەروشوێنکردنی زیاتر لە ١٨٠ هەزار گوندنشینی ناوجەرگەی کوردستان و کیمیابارانکردنی هەلەبجە و شوێنەکانیتریش بۆیان گرنگی پای کورسی دەسەلاّتیان نییە و ئەمەش لە پرسی دادگایی سەدام و ساخکردنەوەی تاوانەکانیدا بە ئاشکرا دەبینرێت.

المادة الرابعة: اللغة العربية هي اللغة الرسمية في الدولة العراقية وتكون اللغة الكردية إلى جانب اللغة العربية لغة رسمية في اقليم كردستان ولدى الحكومة الاتحادية، وللأقاليم أو المحافظات اتخاذ أية لغة محلية أخرى لغة رسمية اضافية إذا أقرت غالبية سكانها ذلك باستفتاء عام(أو قانون إدارة الدولة

تا ئەوەندەی بەم خاڵە پەیوەستە، هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ بنچینەکانی فیدراڵیەتدا نییە - تەنانەت فیدراڵی بۆرژوازیش- و هەر ئەو برگە دەست لێنەدراوەیە کە لە یاساکانی پێشووتردا هەبووە و بەرهەمی خەباتی خەڵکە، نەک دیاری سەرۆکخێڵە دیموکراتەکان! بەبروای من یا ئەوەتا زمانی فەرمی دەوڵەت، زمانی هەردوو زۆرینە نەتەوە دەبێ و لە هەردوو بەشەکەدا واتە کوردستان و عەرەبستان، هەردوو زمان کاریان پێدەکرێ و دەخوێندرێت لە خوێندنەکە و خوڵگەکاندا، یا ئەوەتا هەر بەشەو زمانی دایکی زمانی فەرمی دەبێت و لەپاڵیدا زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی دووەم؛ بۆ ئەو کەمە نەتەوەییانە کە دەکەونە هەریەک لەو بەشانە، ئەوا زمانی دایکیان زمانی سەرەکی و زمانی هەرێمە فیدراڵیەکەش زمانی دووەم. بێجگە لەمە، تەنیا جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ دەتوانێت، ئازادی و سەربەخۆیی هەر یەک لە نەتەوە و کەمە نەتەوایەتییەکان مسۆگەر دەکات!

المادة الخامسة :الدولة العراقية جزء من العالمين العربي والاسلامي، أو( الدولة العراقية عضو مؤسس في جامعة الدول العربية ومنظمة المؤتمر الاسلامي).

ئەم خاڵەش تەنیا ڕوخساری سواق دراوە و هیچ لە ناوەرۆکە شۆڤێنیستییەکەی کە لە یاساکانی پێشتردا هەیبووە، نەگۆڕیوە. عیراق بەشێک لە نەتەوەی عەرەب یا بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی یا بەشێک لە جیهانی

عەرەبی، جیاوازییەکەی کە کوێدایە؟ هەروەها شەتەکدانی عیراق- کە بڕیارە یەکەیەکی ئازاد بێت و مافەکانی مرۆڤ تییدا پارێزراوبن وەک ئامریکای ڕزگارکەرمان پاگەندەی بۆ دەکرد- بە جیهانی ئیسلامی، کە دیسانەوە هەر سەرمان لە نەتەوەی عەرەبەوە دەردەچێت و کە ئیسلام بەدرێژایی مێژووی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژی شۆڤێنیزمی عەرەبی بینیووە و دیکتاتۆرەکانی عەرەب بە شەریعەتی ئیسلام، هەردەم پاساوی سەرکوتگەرییەکانی خۆیان داوەتەوە. چ مسۆگەرکەرییەک هەیە، کە سبەینێ ئەگەر کورد وەک نەتەوەیەکی دابەشکراو بیەوێ لەگەڵ پارچەیەکیتریی خۆیدا یا لەگەڵ نەتەوەیەکیتردا ئازادانە بچێتە پای قەوارەیەکی خواستراوەوە، پارێزەرانی ئەم یاسایە، لە مەغریب و یەمەنەوە لەشکرکێشی نەکەنە سەرمان بەبیانووی پاراستنی یەکیتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، هەروەک ڕژێمی بۆرژوازی بەعس پییەهستاو لە ساڵی ١٩٨٧ سەربازی ئوردونی هێنابوو بۆ هەڵەبجە بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی جەماوەری ئەم شارە!

ئەگەر بڕیارە عیراق وەک قەوارەیەکی یەکگرتوو لەسەر ئارەزوومەندی گەلانی و ئازادانە بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت عیراق تەنیا بەشێک بێت لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دۆستایەتی لەگەڵ گشت وڵاتانی دونیادا هەبێ و خۆی نەخاتە بەرەی سعودیە و ئێران لە دژی وڵاتانی خۆرئاوایی کە فرەتر ئاینی کریستیان هەیە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە فرەتر بۆدیستن. جیهانی ئیسلامی یا کریستی یا جوویی یا بودی، بێماناترین فۆرمۆڵبەندییە بۆ شوناسی دەوڵەتیکی هەوچەرخ لە سەدەی بیست و یەکدا، سەرەرای پێشێلکردنی مافی ئەو نەتەوە ناعەرەبانەی یا ئەو ئاینە نا ئسلامیانەی کە لە چوارچێوەی سیاسی عیراقدا هەن!

المادة التاسعة: الأسرة أساس المجتمع، وتحافظ الدولة على طابعها العراقي الأصيل القائم على المبادئ والقيم الدينية والأخلاقية والوطنية، وتكفل حماية الأمومة والطفولة، وترعى الناشئين والشباب وتوفر لهم الظروف المناسبة لتنمية ملكاتهم وقدراتهم.

ئەم خاڵە هەر لە یاسای ١٩٢٥- ٢٠٠٥ پێی لەسەر دادەگیرێت و وەک خۆی دەنووسرێتەوە. ئەگەر سەرنجی ئەم خاڵە بدەین، بە ڕوونی بە فەرمی نەناسینی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەدەرەوەی خێزان یا ژن و ژن و پیاو و پیاو و ئەو مناڵانەی کە لەدەرەوەی خێزانە شەرعییەکەدا دێنە ژیان، مافی هاووڵاتی بوونیان پێرەوا نابینێت و خودی خێزانیش لە خۆتێهەڵقورتاندنی ئاینی سەرەکی و ڕێسا خێڵەکییەکان، پارێزراو نییە و جاریکیتر لەسەر شوناسنامەی هاووڵاتی عیراقی مەزهەب دەنووسرێت و تەنانەت ئاینەکانیتری وەک کاکەیی هەر بە موسولمان دەنووسرێنەوە. ئەم خاڵە فرەتر وەردەگرێت، چونکە ڕۆڵی ژنیش لەو چوارچێوە ئیسلامییەکەدا دیاری دەکات و بێبەشی دەکات لە کاری کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی خێزان و سپاردنی کاری نێومال و مناڵ بەخێوکردن واتە ژن ڕۆڵی گسکی نێومال و نۆکەر دەبینێت، تاوەکو ڕۆڵی هاوسەر و مرۆڤێکی ئازاد و بڕیاردەر!

المادة العاشرة: الحريات والحقوق الأساسية الواردة في الدستور مكفولة للجميع ولا يجوز سنّ أي قانون ينتقص منها.(تلحق بالمادة الثانية

ئەی ئەو مافانەی کە سەرۆکخێڵ و ئاخوندەکان دانیان پێدانانێن و لە گشت وڵاتانی دونیادا بە فەرمی ناسراون و لە جارنامەی مافی مرۆڤدا کە دەبێت، عیراق و سەرانی ئیمزای بکەن، چی؟ ئەی ئەگەر کەسیک خۆی ڕێکخست، ڕای خۆی دەربڕی، ئەوەی پۆشی کە ویستی، لە کاتی بەرۆژوبوونی سەرۆکخێڵ و ئاخوندەکاندا قومێک ئاوی خواردەوە، ئەی ئەگەر ڕەخنەی لە دەسەڵات یا لە فەتوای مەلاکان گرت، چی؟ سەرکوت دەکرێت، لەبەر ئەوەی کە یاسا بە فەرمی نەیناسیوە!

المادة الثالثة عشرة: تلتزم الدولة العراقية بالمعاهدات الدولية بما لا يتعارض مع أحكام هذا الدستور

ئەمەیە ئیتر بچینەی پرسەکەیە، دەکرێ بپرسین ئەو بەڵێننامە نێو دەوڵەتییانە کامانەن، کە دەوڵەتی تازەی ئیسلام-دیموکراسی فیدراڵی عیراق، پابەندیان دەبێت، کە لەگەڵ ئەم یاسا خێڵەکییەدا ناکۆک نین، یا دەکرێ بپرسین، ئەو بەڵێننامە نێودەوڵەتییانە کامانەن، کە بە یاسای بنەڕەتی عیراقی دیموکراتی فیدراڵی ناکۆکن؟!

هەرچەند لێرەدا بەڕوونی پەنجە بۆ هیچ بەڵێنێک نەکێشراوە، بەڵام ئەوەی ئەم ڕەشنووسە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکوێت کامانەن، ئەو بەڵێننامانە؛ مافی یەکسانی ژنان و پاراستنی منداڵان و ژینگە و نەتەوە و کەمایەتییەکان، مافە کولتوری و ڕۆشنبیرییەکان، جارنامەی مافی مرۆڤ، ئەمە ئەو بەڵێننامانەن، کە لەگەڵ یاسایەک ناکۆک دێنەوە، کە سەرچاوەکەی شەریعەتی خێڵەکیانەنەی هەزارو چوارسەد و ئەوەندە ساڵ لەوەوپێشە، ئەگینا دەوڵەتی عیراق هیچ لاری لە بەڵێننامەکانی  سندوقی درواى نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و هێزە داگیرکەرەکان نییە، کە ڕۆژانە بە ملیارد لە سامانی عیراق بە تاڵان دەبەن و لەسەر بڕیاری وان دەبێت، گشت مولکایەتی دەوڵەتی تایبەتی بکرێتەوە و ملکەچی یاساکانی بازار ئازاد بن!

المادة الخامسة عشرة :للمرجعية الدينية استقلاليتها ومقامها الإرشادي كونها رمزاً وطنياً ودينياً رفيعاً) .هناك تحفظ من البعض.

ئەمەیان بۆ ئەو دەهۆڵکوتانەی دیموکراسی بەجێدەهێڵم، کە شەورۆژ لەبەرامبەر برێک دۆلاردا، کاروپیشەیان فریدانی جەماوەرە، بە پاگەندەکردن بۆ ڕۆڵی ڕزگارکەرانەی ئەمریکا و هەڵهاتنی خۆری دیموکراسی لە سایەی نەزمی نوێی چەوسانەوەی چینایەتیدا!

المادة السادسة عشرة: للعتبات المقدسة في الدولة العراقية شخصية قانونية لما لها من كيان ديني وحضاري وعلى الدولة تأكيد حرمتها وصيانة هذه الحرمة وكفالة أداء ممارسة الشعائر بحرية فيها.

لەبارەی ئەم خاڵەوە، پێویست ناکات قسەبکەم و هێندە بەسە وەک خۆی بینووسمەوە  و ئەم کورتە ڕستەیەی بۆ زیاد بکەم: بەبێ توانج!

الباب الثاني
الحقوق الأساسية والحريات العامة

أولا: الحقوق الأساسيةم / ١ : العراقيون كافة متساوون امام القانون بصرف النظر عن الجنس او العرق او القومية او الاصل او اللون او الدين او المذهب او المعتقد او الرأي ويمنع التمييز بينهم بناء على ذلك.

سەرنجی ئەم یەکسانییەی عیراقییەکان لەبەردەم یاسا بدەن، لەبەشی (ب)، (م / ٦) ، (م / ١٢)،

ب- العراقي هو كل من ولد لاب او لام عراقيين ويحق لغير العراقية المتزوجة من العراقي طلب الحصول على الجنسية العراقية بعد الاقامة في العراق لمدة لاتقل عن خمس سنوات مستمرة من تاريخ زواجها.

لێرەدا سەرەرای دژە مرۆبوونی ئەم خاڵە، کە دانیشتوانی ڕەچەڵەک ناعیراقی ناو عیراق و کەسانیکی‌تر، کە خوازیاری ڕەگەزنامەی عیراقین، بێبەش دەکات لە مافێک، کە لە تەواوی دونیادا ناسراوە و بووەتە شتیکی ئاسایی و زۆرینەی ئەو عالی جەنابانەی کەم ڕەشنووسەیان ئامادە کردووە، هەڵگری ڕەگەزنامەی نا عیراقین. هەروەها لەمەش دژە مرۆتر و کۆنەپەرستانەتر ئەوەیە، کە تەنیا ماف بە پیاوان دەدات، کە هاوسەری لەگەڵ کەسێکی ناعیراقیدا بکەن. دەکرێت بپرسین، ئەی ئەگەر ژنێکی عیراقی هاوسەری لەگەڵ ناعیراقییەکدا بکات، چی، ڕەگەزنامە بە هاوسەرە پیاوە ناعیراقییەکەی دەدرێت؟

ئەمە شتێکی کەم و لاوەکی نییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەرپوشوێنی ژنان لە کۆمەڵگەی عیراقیدا هەیە و سەرچاوەی ئەم هەڵاواردن و کۆنەپەرستی و دژەمرۆییە، بۆ شەریعەتی ئیسلامی، کە پیاوی موسولمان بۆی هەیە ژنی ناموسولمان بێنێت، بەڵام پێچەوانەکەی تابووە، هەروەها لە ڕێسای خێڵەکیدا پیاو بە سەربەرزی دەزانیت، کە ژن لە خێڵەکانی دی بفرێنێ یا بێنێ، بەڵام ژن ئەگەر بیەوێت لەدەرەوەی خێڵ شوو بکات، ئەوا ئەگەر نەکوژرێت، بێگومان لەناو خێڵ بێبەری دەکرێت!

م / ٥ :لايجوز نفي العراقي او ابعاده او حرمانه من التنقل داخل العراق او خارجه، او منعه من العودة الى وطنه الا بموجب القانون.

لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەگەر هاوولاتی عیراقی ئازادە و مافی تەواوی هەیە، ئەی لەسەر چ بنەمایەک و بەچ بیانوویەک ڕەگەزنامەی لێدەسێنرێتەوە یا دووردەخرێتەوە یا ڕێگە لەگەڕانەوەی دەگیرێت؟ وەک دەزانین ئەم سێ بارە هەمیشە پەیوەندیان بە ماف و سیاسەتەوە هەیە و ئەگەر عیراقی دیموکرات و فیدراڵ ئەو مافانە دەستەبەر دەکات و بەفەرمی دەیانناسێت، ئیتر چ پێویست بە (الا بموجب القانون و بدون موجب القانون) دەکات.

م / ٦: تكفل الدولة الحقوق الاساسية للمرأة ومساواتها مع الرجل في الميادين كافة طبقا لاحكام الشريعة الاسلامية وتساعدها على التوفيق بين واجباتها نحو الاسرة وعملها في المجتمع.

ئەمەیان ئیتر گاڵتەجارییە و ئەگەر هەر کەسێک، لە ناخی خۆیدا هەست بە بوونیکی ئازاد بکات، هیچکات سێ‌ودوو لە دژایەتی ئەم برگە ناکات، ئاخر هەر بەپێی ئەم برگەیە دەبێت ڕۆژانە دیەری بەر شەق و پێ کەوتنی دایکمان لەلایەن باوکی موسولمانمانەوە بین، هەڵاواردنی خوشکەکانمان، سوکایەتی بە هاوسەرەکانمان، نیگای چەوساوانەی کیژۆڵەکانمان، لەگۆڕنانی هەر ساتەی ماف و ئارەزوو و خەونی ژنان بین، هەر بەپێی (لاحكام الشريعة الاسلامية)!

ب. يمنع استخدام الاطفال وصغار السن في المهن الوضيعة وتشغيلهم في الاعمال التي لاتتناسب واعمارهم وعلى الدولة اتخاذ الاجراءات الكفيلة بحمايتهم.

ئەم برگەیەش زۆر وریایانە بواریک بۆ چەوسانەوەی منالان دەهێلێتەوە، لەبری قەدەخەکردنی کاری منالانی خوار هەژدە، باس لە قەدەخەکردنی کارگەلیک دەکات کە لەگەڵ تەمەنیاندا ناگونجێت، واتە قەدەخەکردنی کاری شەوانە و کارکردن لە کانەکانی ژێر زەمیندا، بەڵام کیسە (عەلاگە) فرۆشتن و چنینەوەی تەماتە و بەردەستی چێشتخانەکان و فیتەری ڕێگە پێدراوە!

م / ١١: لكل فرد الحق في التعبير عن الرأي بكل الوسائل التي يكفلها القانون على ان لايخل ذلك بالنظام العام والاداب، وتضمن الدولة:

ئەمەش یەکێکیتره لە گاڵتەکردن بە ئاوەزی هاووڵاتی، ئاخر ئەگەر من ئازادم، ئیتر (بكل الوسائل التي يكفلها القانون على ان لايخل ذلك بالنظام العام والاداب) چی دەگەیێنێ و ئەو سیستەمە گشتی و سونەتانە چین، کە قسەکردن لە بارەیانەوە تابووە؟

م / ١٢: حرية الدين والمعتقد وممارسة الشعائر الدينية مكفولة على وفق القانون بما لايخل بالنظام العام والآداب.

دەکرێ بپرسینەوە، لە کوێ ئازادی ئایینی هەیە، کاتێک کە ئایینێک ئایینی فەرمی دەوڵەت بێت و دەرچوون لە سنوورەکانی تاوان بژمێردرێت. بۆ نموونە هاوسەری ژن و پیاوێکی کریست، یازیدەی، جوو، کاکەیی و لێک مارەبڕینیان لە دادگەدا، کە بەپێی ئەم یاسایە پەیرەوی شەریعەتی ئایینی ئیسلام دەکات، چۆن دەبێت؟ ئایا ئازادن و دەتوانن بڵێن، ئێمە پەیرەوی لەم ڕێسایە ناکەین و ئایینی خۆمان هەیە و مل بە ئایینیتر نادەین بە زۆرەملێی و پەیرەوی ئایینی خۆمان دەکەین؟ یا کەسێکی ئاتاهیست، کە باوەری بە خودی مارەبڕین نییە و بەدژی ئازادی مرۆڤی دەزانێت، ئایا دەتوانێت وەک هاوسەر بێ پەیڕەوکردنی ئەم ڕێورەسمە ئیسلامییە، هاوسەری بکەن؟ ئەگەر نا، ئەی ئازادی ئایین و بیروباوەر یانی چی؟

ج .تحرص الدولة على النهوض بالعشائر والافادة من قيمها واعرافها الايجابية التي لاتتنافى مع مبادئ الدين الحنيف والقانون والقيم الانسانية النبيلة التي تهدف الى توثيق اواصر المجتمع واحلال الوئام والسلام بين افراده.

جارێکیتر دەکرێت، بپرسین کامانەن، ئەو سونەت و ڕێسا خێڵەکیانە، لەگەڵ بەها مرۆییەکاندا تەبان و ناکۆک نین، ئایا خودی قوربانی و خەباتی چەندین نەوە لە عیراقییەکان، بۆ لەناوبردنی ئەو یاسا و ڕێسا خێڵەکییانە نەبووە، کە جارێکیتر بەناوی دیموکراسییەوە، ئەمریکا وەک دیارییەک بۆ عیراقییەکانی زیندووکردنەوە؟

م / ١٧: يتمتع العراقي فضلا عن الحقوق المذكورة في هذا الدستور بجميع الحقوق المنصوص عليها في المعاهدات الدولية التي يكون العراق طرفا فيها بما لايتعارض مع احكام الاسلام.

کامانەن، ئەو مافە دانپیانراوانەی کە لە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا عیراق لایەنێکە تیایاندا و ناکۆک نین لەگەڵ بڕیارەکانی ئیسلام؟ ئەی ئەوانەیان کە لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆکن، کامانەن و بۆچی؟

دیارە تاوتوێکردنی گشت خاڵەکان و بەند و ڕووکردنەوەکانی ڕەشنووسێکی یاسایی، بە تاکە کەسێک ناکرێت و کاری کۆمەڵێک و چەندین ناوەند و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و کەسانی پسپۆڕی بواری یاساییە، نەک لەبەر ئەوەی قسەکردن لەسەر یاسا گرانە و هەموو کەس پێی ناوێرێت، بەڵکو یەکەم، کار و ئەرکی هەمووانە و داهاتووی هەمووان لە چوارچێوەی خۆیدا ڕێکدەخات، دووەم، لەبەر ئەوەی کاتێکی فرەی گەرەکە و ئەمەش بۆ کەسێکی ئاسایی، کە بژێوی لە فرۆشتنی هێزی کار (جەستەیی، هونەری و هزری)ییەوە مسۆگەر بکات، نالوێ و لە کاتێکی کورتی نەرەخساودا بەئەنجام ناگات. ئەگینا بەشبەحاڵی خۆم، لەو ئاخوند و سەرۆکخێڵانە باشتر لە ماف و ئەرکی هاووڵاتی و ڕۆڵی ناوەندە هەلبژێردراوەکان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە تێدەگەم و تێڕوانینێکی تەواو جیاوازم بۆ ئازادی و ماف و بەڕێوەبەرایەتی و یەکگرتن و جیابوونەوەی نەتەوەکان و خودی فیدرالیزم هەیە و لێرەدا بەکورتی دەڵێم؛

ئازادی : ئازادبوونی تاک بە ئازادی هاوتای بەرابەرەکەی دەپێورێ؛ واتە سنووری ئازادی من، ئازادی تۆیە و ئازادی من و تۆش لە ئازادبوونی گشتدا، مسۆگەر دەکرێت.

ماف؛ نادرێ، بەڵکو دەسێنرێت و لەبەر ئەوەی کە ماف ماکیکی گشتی هەیە، کەواتە مسۆگەربوونی لە بەهرەمەندی هەمووان لە مافە سەرەتاییەکان دایە و کەسێک کە ماف زەوت دەکات، قەد ئامادە نییە، بیداتەوە، ئەگەر هێزی گشتی مافخوراوان بەزۆر لێی نەسێنێتەوە؛ زۆر بە مانای خەبات!

بەڕێوەبەرایەتی: ئەگەر بڕیارە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پێداویستی ژیان و ئاسانکاری کاروبارە گشتییەکان بێت، ئەوا هاوکات ئەرک و پرسی هەمووانە و دەبێت هەمووان تێیدا بەشداربن، هەر بەم پێوەرە، هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکی سەروخەڵکی (جەماوەری) وەڵام بەپێداویستییەکان ناداتەوە و کاروبارەکان دژواردەکات و کۆمەڵگە و تواناییەکانی و سەرچاوە سروشییەکانی بۆ ئامانجی ناجەماوەری و تایبەتی دەستەیەک بەکار دەبات. کەواتە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی وەڵام بەو پرسانە بداتەوە، کە لەپێناویاندا لەدایکبووە، ئەوا پێویستە لەسەروی جەماوەرەوە نەبێت و لەنێو جەماوەرەوە هەڵقوڵێ، بۆ ئەوەی لەنێو جەماوەرەوە هەڵقوڵێت، پێویستە لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە هەڵبژێردرێت و ڕێکبخرێت، واتە تەواو پێچەوانەی دەسەڵاتی سەروخەڵکی، کە لەسەرەوەڕا بەسەر خوارەوە دەسەپێنرێت.

مافی یەکسانی نەتەوەیی : بۆ ئەوەی نەتەوەکان لە قەوارەیەکدا یەکسان بن، پێویستە مافی جیابوونەوە و یەکگرتنی بێ ئەملاوئەولایان هەبێ. بۆ ئەوەی دوو نەتەوە یا کەمایەتی لە قەوارەیەکی سیاسی و جوگرافیدا بتوانن پێکەوە بژین، بێ ئەوەی ستەم لە هێچکامیان بچێت، ئەوا پێویستە سیستەمی فیدراڵی (بۆرژوازی نا) ڕێکیان بخات، ئەگەر نا، جیابوونەوە و پێکهێنانی قەوارەی سەربەخۆی خۆیان باشترین ڕێگەچارەیە، هەم بۆ بەرگرتن بە ستەم لەلایەکیان، هەم بۆ بەرگرتن بە شەڕ و جینۆساید. ئەگەر هاتوو دوو نەتەوە لە ڕاپرسی گشتیدا و هەریەکە جیا و سەربەخۆ، بڕیاری پێکەوە ژیانیاندا – واتە هەردوو نەتەوە لە ڕاپرسییەکی گشتیدا، بڕیار لەسەر ئەوەی کە پێکەوە بژین یا جیابنەوە، بدەن، نەک ئەوەی نەتەوەیەک بڕیار لەسەر جیابوونەوە یا مانەوەی خۆی نەک نەتەوەیەکیتر بدات– ئەوا بە پاراستنی مافی یەکسان بۆ هەردوولا، هەر یەک لە هەرێمەکان، سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆی دیاری دەکات، نەک ئەوەی یەکێکیان پاپەندی ئەوەیتریان بێت! جارێکیتر بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی لە خوارەوەڕا بێت و ژیان و کاروباری گشتی یەکبخات، پێویستە یەکە فیدراڵییەکان، لەخوارەوەڕا بۆ سەرەوە پێکبهێنرێن، نەک لەسەرەوە بسەپێنرێن. ئەم شێوەیە لە فیدراڵیەت، مسۆگەرکەری ئازادی جیابوونەوە و یەکگرتنە هەرکات هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە فیدراڵیە خواستیان، ئەوا یەکیتی هەرێمە فیدراڵییەکان لە کۆنفیدراسیۆنێکدا پێکدەێت و ئەرکی ئەم کۆنفیدراسیۆنە دیاریکردنی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمە فیدراڵییەکان و ماف و ئەرک و دەسەڵات بەخشینەوە لەسەرەوەڕا نییە، بەڵکو دیاریکردنی ئامانج و تەبایی نێوان فیدراسۆنەکانە، کە سەرچاوەی بڕیار و ئەنجامدانی کاروبارەکانی کۆمەڵگەن. شتێکیتر کە شکۆ بەم فیدراڵیەتە لەبەرامبەر فیدراڵیەتی بۆرژوازدا دەبەخشێت، ئەویش مافی کەمە نەتەوایەتییەکانە، لەم هەرێمانەدا بەوەی کە هەر گوند، شارۆچکە، شارێک، کە زۆرینەی لە کەمە نەتەوایەتییەک پێکهاتبێ، ئەوا بێ سێ و دوو، دەبێت مافی خودموختاری بۆ دابین بکرێت و مسۆگەر بیت و ئەوانیش ژایانی خۆیان نەخشەدەکێشن و کاروباری بەڕێوەدەبەن!

لەم شێوازە لە ڕێکخستن و پێکهاتنی فیدراسیۆنەکاندا، نەک تەنیا مافی گەلان دابینکراو و پارێزراوە، بەڵکو هەڵاواردنی ئایینی، ڕەگەزی و نەژادی و تد، هەڵدەوەشێنێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە دانیشتوان یا هاووڵاتیان مافی بڕیاردانیان لەڕێگەی خۆبەڕێوەبەرایەتی خۆیانەوە هەیە و کارکردن و بڕیاردان بە ئامادەیی زۆرینەوە هەیە، نەک بە بڕیار و لوتفی سەروەران. بۆ نموونە هەڵاواردنی ژنان، کاتێک کە هەموو هاووڵاتیان لە

هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن و هەڵسوڕاندا ئازادبن، ژنانیش بەهۆی ئامادەیی خۆیانەوە دەتوانن بەر بە پێشێلکارییەک بگرن، کە باوکسالاری لە سای دەسەلاتی چینایەتیدا، بەسەریاندا سەپاندوویەتی!

هەڵبەتە شتێک ماوە، کە دەمەوێت، لێرەدا بیخەمەڕوو، جیایی ئایینە لە بەڕێوەبەرایەتی، بۆ ئەوەی گشت ئایینەکان وەک کارێکی کەسی ئازادانە بواری بەجێهێنانیان هەبێ و هاوکات ژیانی کۆمەڵگە لە چوارچێوە ئامادەکراوەکان ڕزگار بکرێت، کە چەند هەزارساڵ شێوەیەک لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەکانی ئەودەم بووە، بەلام ئەگەر لە گوندێک یا شارێکی هەرێمی فیدراڵی یا هەرێمێکی سەربەخۆدا، زۆرینەی دانیشتوانەکەی بڕیار لەسەر شێوەیەک لە ڕێکخستن بدەن بۆ خۆیان، کە سەرچاوەکەی ئایینەکەیان بێت، ئەوا بەمەرجی پارێزراوبوونی مافی ئەندامانیتری ئەو شوێنە کە هەڵگری ئایینێکیتر یا بێ ئایینن، دەتوانن بەم کارە هەستن، واتە بەزۆر نابێت، هیچ بیرکردنەوە و سیستەم و شێوەڕێکخستنێک بەسەر تاک یا کۆدا بسەپێنرێت. بەڵکو کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو کۆمەڵگایانە، تەنیا هاندانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە و بەس!

لێرەدا ماوە بڵێم، کە تەنیا ڕێکخستنێک، کە لەگەڵ سیستەمی خۆبەڕێوەبەرایەتی (ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەخوارەوەرا بۆ سەرەوە)دا کە بە خۆموختاری دانیشتوان پشتئەستووە، فیدراڵییە و هەموو سیستەمێکی ناوەندگەرا، بەسەرکوت و دیکتاتۆری و بیروکراتی کۆتایی دیت!

پاشکۆ:

بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژا ئاسانتر لە گۆرانکارییە لاوەکییە رووکەشەکانی ئەم ڕەشنووسە ئاگاداربن، سەرنجیان بۆ هێنانەوەی چەند برگەیەک لە گشت یاسا بنەڕەتییەکانی عیراق، کە لەسایەی کودەتا سەربازییە یەک لە دوای یەکەکاندا، دارێژراون.

<u>ڕۆڵی ئایین ئایین :</u>

١٩٢٥

المادة الثالثة عشرة: الإسلام دين الدولة الرسمي، وحرية القيام بشعائره المألوفة في العراق على اختلاف مذاهبه محترمة لا تمس، وتضمن لجميع ساكني البلاد حرية الاعتقاد التامة، وحرية القيام بشعائر العبادة، وفقاً لعاداتهم ما لم تكن مخلة بالأمن والنظام، وما لم تناف الآداب العامة.

١٩٥٨

المادة (٤) ـ الإسلام دين الدولة

المادة (١٢) ـ حرية الأديان مصونة وينظم القانون أداء وظيفتها على أن لا تكون مخلة بالنظام العام ولا متنافية مع الآداب العامة

١٩٦٤

مادة ٣ ـ الإسلام دين الدولة والقاعدة الأساسية لدستورها واللغة العربية لغتها الرسمية.

مادة ٢٨ ـ حرية الأديان مصونة وتحمي الدولة حرية القيام بشعائرها على أن لا يخل ذلك في النظام العام أو ينافي الآداب.

١٩٦٨

المادة الرابعة: الإسلام دين الدولة والقاعدة الأساسية لدستورها واللغة العربية لغتها الرسمية.

١٩٧٠

مادده 4 : ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتە.

٢٠٠٤

ماددەی حەوتەم:

(ا)- ئیسلام ئایینی فەرمیی(ڕەسمیی) وڵاتە و بەسەرچاوەیەکی قانون دانان دائەنرێت و نابێت لەقۆناغی گواستنەوەدا هیچ قانونێک دابنرێت، دژی ئەو چەسپاویانەی (ثوابت) ئیسلام بێت کەکۆدەنگییان لەسەرە، یان لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان و ئەو مافانەی لە بەشی دووەمی ئەم قانونەدا هاتوون ناکۆک بێت، و ئەم قانونە ڕێزی ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق ئەگرێت و تەواوی مافە ئاینییەکانی سەرجەم تاکەکان لەئازادی بیروباوەڕ و سروتی ئایینیدا مسۆگەرئەکات.

<u>پێکهاتەی نەتەوەیی:</u>

١٩٢٥

المادة السادسة: لا فرق بين العراقيين في الحقوق أمام القانون، وان اختلفوا في القومية، والدين، واللغة.

المادة السادسة عشرة: للطوائف المختلفة حق تأسيس المدارس لتعليم أفرادها بلغاتها الخاصة، والاحتفاظ بها على أن يكون ذلك موافقاً للمناهج العامة التي تعين قانوناً.

١٩٤٣

المادة الثامنة: تعدل المادة الثامنة عشرة بالوجه التالي:

العراقيون متساوون في التمتع بالحقوق المدنية، والسياسية، فيما عليهم من الواجبات والتكاليف العامة. لا تمييز بينهم في ذلك بسبب الأصل، أو اللغة، أو الدين، وإليهم وحدهم يعهد بالوظائف العامة مدنية كانت أم عسكرية. ولا يولى الأجانب هذه الوظائف إلا في أحوال استثنائية يعينها القانون.

١٩٥٨

المادة (٣) ـ يقوم الكيان العراقي على أساس من التعاون بين المواطنين كافة باحترام حقوقهم وصيانة حرياتهم ويعتبر العرب والأكراد شركاه في هذا الوطن ويقر هذا الدستور حقوقهم القومية ضمن الوحدة العراقية

١٩٦٤

مادة ١٩ ـ العراقيون متساوون في الحقوق والواجبات العامة بلا تمييز بسبب الجنس أو الأصل أو اللغة أو الدين أو أي سبب آخر، ويقر هذا الدستور الحقوق القومية للأكراد ضمن الشعب العراقي في وحدة وطنية متآخية([١])

١٩٦٨

المادة الأولى: الجمهورية العراقية دولة ديمقراطية شعبية تستمد أصول ديمقراطيتها وشعبيتها من التراث العربي وروح الإسلام.

الشعب العراقي جزء من الأمة العربية هدفه الوحدة العربية الشاملة وتلتزم الحكومة بالعمل على تحقيقها.

١٩٧٠

مادده 5 : أ – عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

ب – گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، ئەم دەستوورەش دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە رەواکانی گشت نەتەوەکانی دیکە دادەنێت.
مادده 7 : أ – زمانی عەرەبی زمانی رەسمیە.
ب – زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا لە ناوچە کوردیەکاندا زمانی رەسمی دەبێت.

٢٠٠٤
ماددەی چوارەم:
سیستەمی دەسەڵات لەعێراقدا کۆماریی، یەکگرتوو (فیدراڵی)، دیموکراسی فرەییە، و دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە هەرێمیەکان و پارێزگەکان و شارەوانی و بەرێوەبەرێتییە خۆماڵییەکاندا دابەش ئەکرێت، و سیستەمی فیدراڵییش لەسەر بناغەی ڕاستییە جوگرافی و مێژووییەکان و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەبێت نەک لەسەر بناغەی ڕەچەڵەک، ڕەگەز، ئەتنیکیی، نەتەوە ویان ئاییزا(مەزهەب).

<u>ئازادییە گشتییەکان:</u>

١٩٢٥
المادة الثانية عشرة: للعراقيين حرية إبداء الرأي، والنشر، والاجتماع، وتأليف الجمعيات والانضمام إليها، ضمن حدود القانون

١٩٦٤
مادة ٢٩ ـ حرية الرأي والبحث العلمي مكفولة ولكل إنسان حق التعبير عن رأيه ونشره بالقول أو الكتابة أو التصوير أو غير ذلك في حدود القانون.

المادة الحادية والثلاثون ـ حرية الرأي والبحث العلمي مكفولة ولكل إنسان حق التعبير عن رأيه ونشره بالقول أو الكتابة أو التصوير أو غير ذلك في حدود القانون.

مادده 26 : دەستوور ئازادیی را، بڵاوکردنەوە، کۆبوونەوە، دامەزراندنی پارتی سیاسی، سەندیکا و کۆمەڵە بە پێی ئامانجەکانی ئەم دەستوورە و لە سنووری یاسادا دابین دەکات. دەوڵەتیش کار بۆ دابینکردنی هۆکارە پێویستیەکانی پیادەکردنی ئەم ئازادییانە دەکات، کە لەگەڵ هێڵی شۆڕشی نەتەوەیی و پێشکەوتووخواز تەبان.

<u>شوناسی عیراق:</u>

١٩٥٨
المادة (٢) ـ العراق جزء من الأمة العربية

١٩٦٤
مادة ١ ـ الجمهورية العراقية دولة ديمقراطية اشتراكية تستمد أصول ديمقراطيتها واشتراكيتها من التراث العربي وروح الإسلام.

والشعب العراقي جزء من الأمة العربية هدفه الوحدة العربية الشاملة وتلتزم الحكومة بالعمل على تحقيقها في أقرب وقت ممكن مبتدئة بالوحدة مع الجمهورية العربية المتحدة.

١٩٧٠

مادده 5 : أ – عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

٢٠٠٤

(ب)- عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و گەلی عەرەب تیایدا بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی عەرەبە.

* خوێنەرانی هێژا، بۆ زانیاری زیاتر، دەتوانن، بەکلیک کردنە سەر ئەم بەستەرە (http://www.niqash.org/content.php?contentTypeID=91&id=477)، دەقی یاسا بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢٠ تا ئەورۆکە بەدەست بێنن.